خوای گەورە هیچ پێغەمبەرێکی نەناردووە کە شوانێتی پەزی نەکردبێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە هیچ پێغەمبەرێکی نەناردووە کە شوانێتی پەزی (مەڕ وبزنی) نەکردبێت»، هاوەڵانی ووتیان: تەنانەت تۆیش؟ فەرمووی:«بەڵێ (تەنانەت منیش)، شوانێتی پەزم دەکرد بۆ دانیشتوانی مەککە بەرامبەر هەندێک نرخ».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

هەموو پێغەمبەران شوانێتی پەزیان (مەڕ وبزنیان) کردووە لە ژیانیاندا، وا دیارە فەرموودەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پێش ئەوەی ببن بە پێغەمبەر -علیهم الصلاة والسلام-، بۆیە زانایان وتوویانە: دانایی لەمەدا ئەوەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕاهێنان بکات لەسەر بەڕێوەبردنی خەڵکی وئاراستەکردنیان بەرەو چاکە، چونکە شوانی پەز جاری وا هەیە ئاژەڵەکان بەرەو لەوەڕگا دەبات وجاری وا هەیە دەیانهێڵێتەوە وجاری وا هەیە وئەم کردەوەیەش پێویستی بە ئارامگری ولێزانین هەیە چونکە کارێکی ئاسان نییە بە تایبەت چونکە مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵدا دەکرێت کە نە تێدەگەن ونە دەبیستن وبەڕێوەبردنیان گرانترە لە بەڕێوەبردن وئاراستەکردنی مرۆڤەکان بۆیە هەرکەسێک لەمەدا سەرکەوتوو بێت ئەوا بە ڕێژەیەکی زۆر سەرکەوتوو دەبێت لە هەر بەڕێوەبردنێکی تر، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم ئومەتە بەڕێوە دەبات وئاراستەی دەکات بۆ خێر وچاکە بە زانست وهیدایەت وچاوڕۆشنیەوە وەکو شوان کە زانستی هەیە سەبارەت بە لەوەڕگا چاکەکان، وئاراستەی پەزەکە دەکات بۆ ئەو شتەی خێری بۆیان هەیە، لەوانەش خواردن وخواردنەوە وپاراستنیان لە خراپە ودەستدرێژی دڕندەکان. شوانێتی پەز هەڵبژێردراوە چونکە شوانی پەز سیفەتی هێوری وهێمنی ودڵنیایی تێدایە بە پێچەوانەی شوانی وشترەوە کە زۆر جوان شوانی وشتر بەوە ناسراوە کە توند وزبرە، چونکە وشترە توند وزبرە، بۆیە خوای گەورە شوانێتی پەزی بۆ پێغەمبەران هەڵبژارد بۆ ئەوەی ڕاهێنراو بن لەسەر بەڕێوەبردن وئاراستەکردنی خەڵکی بە شێوەیەکی نەرم ونیان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6219